# بەڵێنە سەرسوڕهێنەرەکە

## پەیدابوون ٣

لە وانەی ڕابردوماندا، زانیمان چۆن ئادەم و حەوا لە ڕێگای خودا لایان دا بە خواردنی مێوەی ئەو دارەی خودا لێیانی قەدەغە کردبوو. بەو شێوەیە، ئادەم، کە خودا لەسەر وێنەی خۆی درووستی کردبوو، هەڵیبژارد بەدوای شەیتان بکەوێ، کە دوژمنی خودایە. پێش ئەوەی ئادەم و حەوا گوناە ئەنجام بدەن، خۆش حاڵ دەبوون هەر کاتێك خودا بهاتایە باخچەکە بۆ ئەوەی لەگەڵیان بدوێ. بەڵام ئێستا، کاتێ گوێیان لە دەنگی خودا بوو، ترسان و شەرمەزار بوون و هەوڵیان دا خۆیان لە خودا بشارنەوە لەنێوان دارەکانی باخچەکەدا! بەڵام خودا لە دوای ئادەم و حەوا ڕۆیشت و لەگەڵیان قسەی کرد، و پێیانی ڕاگەیاند گوناهەکەیان چی دێنێتە جیهانەوە: کێشە و دەردەسەری، دڕك و داڵ، نەخۆشی و مردن.

لە ئەنجامدا، لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ، سێبەری مردن لەسەر نەوەکانی ئادەمدا هەڵواسراوە. هەموو منداڵەکانی ئادەم بەگوناە بەیدا دەبن و بە خەسڵەتێکی خراپەکار لەدایك دەبن. ئەگەر بەدڵمان بێت یان نا، هەمووان هاوبەشین لە خەسلەتی باپیرەگەورەمان ئادەم. هەر وەك پەندی پێشینان دەڵێت، (گیا لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێت.) لەبەر گوناهی ئادەمە هەمووومان بە گوناهباری لەدایك بووین. بەڕاستی، (دەرد و بەلا بۆ هەموو کەس بڵاودەبێتەوە.) و هەر وەك چۆن گوناهەکەی ئادەم لە خودای جیاکردەوە، گوناهەکانی ئێمەش لە خودا جیاماندەکاتەوە. نووسراوە پیرۆزەکان ئاوا دەفەرموێ: لەبەر ئەمە، چۆن بەهۆی مرۆڤێک گوناه هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد. (ڕۆما ٥: ١٢) لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن. (ڕۆما ٣: ٢٣) تاوانەکانتان بوون بە ناوبەند لە نێوان ئێوە و خوداتان و گوناهەکانت وای کرد ڕووی خۆی لێتان بشارێتەوە و گوێتان لێ نەگرێت. (ئیشایا ٥٩: ٢) ئەم پەیامە خۆش نییە گوێی لێ ڕابگیرێ، بەڵام ئاوایە. پێشینان دەڵێن (قسەی حەق ڕقە.)

بەو شێوەیە، لە وانەی ڕابردوماندا دەبینین چۆن بە یەك گوناهی ئادەم هەموو نەتەوەی مرۆڤی لە خودا جیاکردەوە. لەو ڕۆژەی ئادەم قسەی خودای شکاند، ئادەم و هەموو نەتەوەی مرۆڤـ کە لە پاشان دێنە جیهانەوە شانشینی ڕووناکییان بەجێ هێشت و چوونە ناو شانشینی تاریکی. چی دی بەشیان نەما لە شانشینی خودا. لەبەر گوناهەکەیان، بەشیان لەگەڵ شەیتان بوو، کە وەك بەندەی خۆی گرتبوونی. ئێستا، هیچ هیوائێکیان بۆ هیچ شتێك نەما لەم ژیانەدا، جگە لە بەندایەتی بۆ گوناە و ترس لە مردن — ولە ڕۆژی دواییدا، سزایەکی بێ کۆتایی لە ئاگری تاهەتایی!

ئەگەر نووسراوە پیرۆزەکان لێرە کۆتایی بهاتبایە، تەنها دەمانتوانی پەرتوکەکە داخەین و دەس بە ڕۆ ڕۆ بکەین وەك یەکێك لە دەریادا وون بووبێت بەبێ هیچ هیوایەکی ڕزگاربوون. ئەگەر خودا ڕێگایەکی ڕزگاری بوونی نەکردبایەوە بۆ ئەوەی منداڵەکانی ئادەم ڕزگار بکات، ئەوا محکوم دەکراین تاهەتا! بەڵام شکۆمەندی بۆ پەروەردگار خودامان، نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران لە چیرۆکی گوناهی ئادەم تەواو نابن. خودا، کە لە بەزەیی مەزنە، دەرگایەکی ڕزگاری بوونی بۆ نەوەی ئادەم کردۆتەوە! لەبەر ئەوە، ووشەی خودا دەفەرموێ: بەڵام لەکوێ گوناە زۆر بوو، نیعمەت زۆر زیاتر بوو. (ڕۆما ٥: ٢٠) مەترسن، ئەوا موژدەی خۆشییەکی گەورەتان دەدەمێ کە بۆ هەموو گەلە. (لۆقا ٢: ١٠) نیعمەتی خودا دەرکەوت کە ڕزگاری پێشکەشی هەموو خەڵک دەکات! (تیتۆس ٢: ١١)

هەروەك تائێستا فێربووین، خودا پارسایە و لەبەر ئەوەش دەبێت دادوەری گوناهباران بکات. خودا ڕاستودرووستە و ناتوانێ گوناە لەیاد بکات. دەبێت سزای هەموو گوناهێك بدات. سزای گوناە کردن مردنە و جیابوونەوەی تاهەتایی لە خودا. خودا هەرکیز ناگۆڕێ و هەروەها سزای گوناهیش ناگۆڕێ. بەڵام ئەمڕۆ، دەس بە خوێندنەوە دەکەین لە نووسراوە پیرۆزەکان و دەبینین چۆن خودا، خودای

پارسا، پلانێکی داناوە بۆ ئەوەی گوناهباران لە سزای گوناە ڕزگار بکات. لەبەر ئەوەش ، فێری ئەوە دەبین کە خودا نەك تەنها خودای پارسایە، بەڵکو بە بەزەیی ترین خوادشە! خودای دادوەرمان، دەیەوێ ببێتە ڕزگاری دەرمان!

ئەمڕۆ دەبینین چۆن، لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا گوناهیان ئەنجام دا، خودا دەستی کرد بە ناساندنی پلانە سەرسوڕهێنەرەکەی خۆی بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران. با ئێستا بەردەوام بین لە خوێندنەوەی تەورات، لە سیپارەی پەیدابوون، بۆ ئەوەی دەربارەی ئەم مزگێنییە فێر بین. لە بەشی سێیەم دەخوێنین، ئایەتی پازدە: خودا بە شەیتانی ووت کە لە شێوەی مار بوو: (دوژمنایەتیش دەخەمە نێوان تۆ و ئافرەتەکەوە، نێوان نەوەی تۆ و نەوەی ئەوەوە. نەوەی ئەو سەرت پان دەکاتەوە و تۆش پاژنەی پێی دەکوتیت.)

ئەم ئایەتە زەحمەتە زۆر ڕاستی گرنگ و پڕ مانا لەخۆ دەگرێ کەوا پێغەمبەرانی خودا پاشان بە ووردی ڕوونی دەکەنەوە. دەکرێ ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: خودا دەستی بە ڕاگەیاندنی پلانەکەی دەکرد بۆ هێنانی ڕزگاری دەرێك بۆ ناو جیهان کە نەوەی ئادەم ڕزگار دەکات لە دەسەڵاتی شەیتان. ئەمە یەکەم ئایەتە کە باسی هاتنی ڕزگاری دەرە پیرۆزەکە دەکات. لەم ئایەتە، با وورد بینەوە لە چوار ڕاستی دەربارەی ئەو ڕزگاری دەرە کە خودا بەڵێنی دا بینێرێ.

یەکەم ڕاستی ئەمەیە: خودا ڕایدەگەیاند چۆن ئەم ڕزگاری دەرە لەدایك دەبێت تەنها لە ئافرەتێك، کە پاکیزەیە. هەمووما باوکێك و دایکێکمان هەیە. بەڵام، ڕزگاری دەرەکە کە بەڵێنی هاتنی درابوو، بە ڕۆحی پیرۆز و هێزی خودا تەنها لە ئافرەتێك دەهات. وا نابێتە خاوەنی باوکێکی زەمینی. ناکرێ ڕزگاری دەری جیهان لە ئادەمەوە بێت، لەبەر ئەوەی هەموو نەوەی ئادەم لەکەی گوناهیان پێوەیە. ڕزگاری دەری گوناهباران دەبێت بەبێ گوناە بێت. دەبوایە لە لایان خوداوە بهاتبوایە، لە ئاسمانەوە. لەبەر ئەوەش، یەکەم شت کە دەکرێ لەم ئایەتە فێری بین ئەمەیە: خودا بەڵێنی هاتنی ڕزگاری دەرێکی پیرۆز دا کە کوڕی ئافرەتێك دەبێت، نەك کوڕی پیاوێك.

دووەم ڕاستی ئەمەیە: کە خودا ڕایگەیاند لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا گوناهیان ئەنجام دا. سەبارەت بە ڕزگاری دەرە بەڵێن پێدراوەکە، خودا بە شەیتانی ووت: (تۆش پاژنەی پێی دەکوتیت) لەبەر ئەوە، خودا دەستی کرد بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە چۆن شەیتان ئازاری ڕزگاری دەرەکە کە خودا لە ئاسمانەوە دەینێرێ. لە وانەکانی داهاتوودا، دەبینین پێغەمبەران پێش بینی ئەوەیان کرد کە چۆن شەیتان هانی خەڵکان دەدات ڕزگاری دەرەکە بچەوسێننەوە و ئازاری دەن و بیکوژن. ڕزگاری دەرێك کە لێ درا بێ و ئازار درا بێ دەبێتە بەشێك لە پلانی خودا بۆ ئەوەی بمان گەڕێنێتەوە لای خودا، ڕزگاری دەری جیهان دەبێت وەکو قوربانییەك بۆ گوناە بمرێ، ئەو ڕاستودرووستە بۆ ئێمەی ناڕاستودرووست دەمرێ. بە ئیرادەی خۆی ژیانی خۆی دا نا بۆ ئەوەی سزای گوناە بداتەوە: کە مردنە.

سێیەم ڕاستی سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە ئەوە بوو کە خودا بە شەیتانی فەرموو، کە لە شێوەی مار بوو، کە (ڕزگاری دەرەکە سەری شەیتان پان دەکاتەوە.) ئەوە هەواڵی ناخۆش بوو بۆ شەیتان، بەڵام مزگێنیەکی خۆشە بۆ هەرکەسێك کە دەیەوێ لە هێزی شەیتان، گوناە و ئاگری دۆزەخ ڕزگاری بێت! لە بەرئەوە، خودا دەستی کرد بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ڕزگاری دەرەکە، لە کۆتاییدا، لە شەیتان دەباتەوە و نەوەی ئادەم ئازاد دەکات، ئەوانەی کە بووبوون بە بەندەی گوناە.

دواهەمین ڕاستی: خودا دەستی کرد بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە دوو کۆمەڵ خەڵك لە جیهاندا دەبێت: گەلی شەیتان و گەلی خودا. گەلی شەیتان ئەوانەن کە ڕەتی دەکەنەوە باوەڕ بە ووشەی خودا بێنن. گەلی خوداش ئەوانن کە باوەڕ بە ووشەی خودا دەکەن و متمانەی خۆیان بە ڕزگاری دەرە بەڵێن پێ دراوەکە دەکەن. (تەماشای یۆحەنا ١: ٩-١٣ بکە) لەبەر ئەوە، لەو ڕۆژەی کە ئادەم و حەوا گوناهیان ئەنجام دا، خودا دەستی کرد بە ڕاگەیاندنی پلانە سەرسوڕهێنەرەکەی بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران. لە وانەی داهاتوودا، وورده وورده، دەبینین چۆن هەموو پێغەمبەرانی خودا هاتنی ڕزگاری دەرێکی پیرۆزیان ڕاگەیاندوە کەوا گوناهباران لە دەستی شەیتان ئازاد دەکات. ئەگەر ئەوەی تا ئێستا باسمان کردوە ڕوون نییە لاتان، نیگەران مەبن، چونکە هەتا بەردەوام بین لە دیراسەتە بە پێی کاتی ڕوودانەکەمان، شتەکان ڕوونتر دەبنەوە. پەندەکەت لەبیرە ئەوەی دەڵێ: (ئاو بەنەرمی خۆی شاخ کون دەکات.) خودا دەفەرموێ: (بەدوامدا دەگەڕێن و دەمدۆزنەوە، کاتێک بە هەموو دڵتانەوە بەدوامدا دەگەڕێن.) (یرمیا ٢٩: ١٣) ئێستاش، بەبەردەوام

بین لە خوێندنەوەی بەشی سێیەم لە سیپارەی یەکەمی تەورات. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خوداوەند خودا بۆ ئادەم و ژنەکەی جلی لە پێست دروست کرد و لەبەری کردن. ئینجا خوداوەند خودا فەرمووی: (ئەوەتا مرۆڤ بووە بە یەکێکی وەک خۆمان، چاکە و خراپە دەزانێت، ئێستاش ڕێگەی پێ نادرێت دەستی درێژ بکات و لە داری ژیانیش بکاتەوە و بیخوات و بۆ تاهەتایە بژییێت.) ئیتر خوداوەند خودا لە باخچەی عەدەن دەری کرد، بۆ ئەوەی ئیش لەو زەوییە بکات کە لەوێوە وەرگیراوە. دوای ئەوەی مرۆڤی دەرکرد، بۆ پاسەوانیی ڕێگای درەختی ژیان لە دیوی ڕۆژهەڵاتی باخچەی عەدەندا کەڕوبەکانی دانا، لەگەڵ شمشێری گڕدار کە بە هەموو لایەک دەسووڕایەوە. (پەیدابوون ٣: ٢١–٢٣)

ئالێرەدا بەشی سێیەم کۆتایی پێ دێت. پێش ئەوەی کۆتایی پێ بێنین ئەم وانە، با سەرنجی هەندێك ڕاستی گرنگ بدەین کە لەم ئایەتەدا هەیە. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خوداوەند خودا بۆ ئادەم و ژنەکەی جلی لە پێست دروست کرد و لەبەری کردن. لەبیرتە ئادەم و حەوا چییان کرد پاش ئەوەی لە داری زانینی چاکە و خراپەیان خوارد؟ گەڵا داری هەنجیریان چنی و خۆیان لە ناوقەدەوە پێ داپۆشی لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی شەرمەزاری خۆیان بەرامبەر خودا بشارنەوە. ئایا خودا ئەو جلکەی قەبوڵ کرد کە بۆ خۆیان درووستیان کردبوو، ئەوەی کەوا بە گەڵا دار درووستیان کردبوو؟ نەخێر، قەبوڵی نەکرد! باشە بۆچی خودا ئەو جلکەی قەبوڵ نەکرد؟ لەبەر ئەوەی خودا ویستی هەریەك لە ئادەم و حەوا فێر بکات کە ئەو تەواوە و ناتوانێ ئیشی ناتەواوی مرۆڤ قەبوڵ بکات. سەبارەت بەوە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: هەموو وەک شتی گڵاومان لێ هات هەموو ڕاستودروستیمان وەک بەرگی پیسی ئافرەت بوو. (ئیشایا ٦٤: ٦) هیچی شتێك نییە کە مرۆڤ بیکات بۆ ئەوەی گوناهی خۆی بەرامبەر خودا بشارێتەوە.

بەهەرحاڵ، خودا شتێکی بۆ مرۆڤ کرد. خودا هەندێك ئاژەڵی کووشتەوە، و کەوڵیانی کرد و جل و بەرگی لە پێستە بۆ ئادەم و حەوا درووست کرد. بەڵێ، خودا یەکەم قوربانی ئاژەڵی کرد. چ دیمەنێکی هەست ڕاتەکێن بوو بۆ ئادەم و حەوا کاتێ تەماشای لێشاوی خوێنی ئەو ئاژەڵەیان دەکرد کە خودا کووشتیەوە! لە ڕێگای ڕشتنی خوێنی ئاژەڵەوە، خودا ویستی ئادەم و حەوا فێر بکات کە، کرێی گوناه مردنە. (ڕۆما ٦: ٢٣) هەروەها: لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت. (عیبرانییەکان ٩: ٢٢) ئەمڕۆ ناتوانین بەووردی ئەمە ڕوون بکەینەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە یاسا بنەڕەتیەکەی خودا بۆ لێبووردن دەفەرموێ: لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت. سزای گوناه دەبێت بدرێتەوە. سزای گوناه مردنە. خودا تەنها دەتوانێ لەو گوناهانە خۆش بێت کە سزایان دراوە. قوربانیەکی پاك و بێ گوناه دەبێت بمرێ لە جێگای گوناهبارە تاوانبارەکان. ئەمە تاکە ڕێگایە کە خودا بتوانێ لە گوناهی خەڵکان خۆش بێت بەبێ ئەوەی لە ڕاستودرووستی خۆی دەرچێت.

بەم شێوەیە خودا قوربانی کردنی ئاژەڵی دامەزراند بۆ ئەوەی گوناهباران بەبیر بێنێتەوە کە سزای گوناه مردنە. قوربانی ئاژەڵەکە هەر وەك هێمای ڕزگاری دەرە پاك و بێ تاوانەکەیە کەوا دێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی خوێنی خۆی برژێنێ وەك پاداشتی گوناه. پاشان دەربارەی ئەمە زیاتر فێردەبین. بۆ ئێستا، با لە یادمان بێت کە خودا خوێنی ئاژەڵی ڕشت بۆ ئەوەی شەرمەزاری ئادەم و حەوای پێ داپۆشێ.


لەپاش ئەمە، خودا ئادەم و حەوای دەرکرد لە باخچەکەی عەدەن. خودا فریشتەیەکی دانا کە شمشێریکی گرداری هەڵگرتبوو بۆ ئەوەی پاسەوانی ئەو ڕێگایە بکات کە بەرەو داری ژیان دەڕوات. ئادەم و حەوا ڕێگای مردنیان هەڵبژارد کاتێ لە مێوەکەیان خوراد کە خودا لێیانی قەدەغەکربوو. لە دەرئەنجامدا، چی دی نەیانتوانی لە خۆشی و بەرەکەتی باخچە سەرسوڕهێنەرەکەی عەدەن خۆشی ببینن. تا ئێستا زانیمان چۆن خودا لوسیفەر، واتا شەیتان، لە ئامادەیی خۆی دەرکرد لەبەر گوناهەکەی. ئێستاش دەبینین کە خودا ئادەم و حەوای دەرکرد لەبەر گوناهەکەیان. خودا، خودای پارسا. دەبێت سزای هەموو ئەوانە بداتەوە کە پارسا نین.

بەم شێوەیە، با دوو بیرۆکە لەبیرمان بپارێزین: یەکەم، خودا ڕاستودرووسترینە. خودا ڕقی لە گوناهە. لەبەر ئەوە دادوەری ئادەم و حەوای کرد ولە باخچەکە دەرکرد، دووەم، خودا، خودای بەخشەندە. ئادەم و حەواش شایەنی بەزەیی خودا نەبوون. ئەوان تەنها

شایەنی دادوەری خودا بوون. بەڵام خودا نایەوێ خەڵك بفەوتێن. لەبەر ئەوەش بەڵێنی بە هاتنی ڕزگاری دەرێك دا کەوا گوناهباران ڕزگار دەکات لەو تاریکیەی شانشینی شەیتان، و بۆ ناو رووناکی و شکۆمەندی شانشینی خودا بیانگواسێتەوە.

ئاگادار بە، فریو نەدرێی: بەزەیی خودا هەرگیز بەرپەرچی ڕاستودرووستی خودا نابێتەوە. ئەم دوو خەسلەتەی خودا دەبێت پێکەوە کار بکەن. لە وانەکانی داهاتوودا، بە روونتر دەبینین بەزەیی پشان دەدات بەرامبەر گوناهباران، بەبێ ئەوەی بەرپەرچی ڕاستودرووستی خۆی بداتەوە.

لەناو ئەم وانەدا قسەمان کرد دەربارەی ئەو بەڵێنە سەرسوڕهێنەرەی خودا داویەتی لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا لەسەر ڕێی خودا لایان دا. وانەی داهاتوو بۆ ئەوەی هەندێ وانەی گرنگ لە یەکەم دوو کوڕکەی ئادەم و حەوا فێر بین: هابیل و قابیل. خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتاندا ببارێنێ کاتێ بەووردی سەرنجی نووسراوی پیرۆز دەدەن، کە دەفەرموێ: بەڵام لەکوێ گوناه زۆر بوو، نیعمەتی ﴿**خودا**﴾ زۆر زیاتر بوو. (ڕۆما ٥: ٢٠)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. لەبیرتە ئادەم و حەوا چییان کرد پاش ئەوەی لە داری زانینی چاکە و خراپەیان خوارد؟

٢. ئایا خودا ئەو جلکەی قەبوڵ کرد کە بۆ خۆیان دروستیان کردبوو، ئەوەی کەوا بە گەڵا دار درووستیان کردبوو؟

٣. بۆچی خودا ئەو جلکەی قەبوڵ نەکرد؟

٤. بەلێنی سەرسوڕهێنەرەکەی خودا چی بوو؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:

وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەلەی ڕێگای ڕاستودروستی

rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org